## دیاکۆ هاشمی:

# زمانی کوردی توانای گەشەسەندنی باشی هەیە، بەمەرجێ ڕێگەی ڕاژەکردنی دیاری بکرێت




**دیاکۆ هاشمی فەرهەنگنووس و زمانزان، هەر لەمنداڵییەوە خەریکی خزمەتکردنی زمان و ڕێنووسی کوردییە، لەڕێگای چەند سایتێکی ئەلیکترۆنی و بەکوریکردنی گۆگڵ و ئەندامبوونی لەدەیان پڕۆژە بۆ خزمەتکردنی زمانی کوردی چەندەها بەرهەمی جوان و دانسقەی پێشکەش بە هاوزمانانی نەتەوەکەی کردووە. سێ ساڵیشە ئامادەکار و بەڕێوەبەر و پێشکەشکاری بەرنامەی فێرگەی کوردییە. بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بەم پیاوە خەمخۆرە ئاشنابین (K21)بەباشی زانی لەمەڕ زمانی کوردی ئەم دیمانەیەی لەگەڵ ساز بکات.**



***K21: گرفتێکی بەرچاوی زمانی کوردی نەبوونی زاراوەیە بۆ ناونیشانی بوارە جیا جیاکانی تەکنۆلۆژیا، ئایا ئەمە بۆ هەژاری زمانی کوردی دەگەڕێتەوە؟ یان نەبوونی کەسانی دڵسۆز؟***

**دیاکۆ هاشمی:** من ئەمە بە گرفتێکی گەورە نابینم و پێشم وا نییە زمانی کوردی لەو بوارەدا هەژار بێت یان لە چاو زمانەکانی تردا نەتوانێ خۆی پێش بخات. ئایتی زانستێکی نوێیە بۆ زۆربەی زمانەکانی جیهان و لە هەموو وڵاتەکاندا کەسانێکی پسپۆڕی ئەو بوارە بە هاوکاریی کوڕە پسپۆڕەکانی بواری زمان توانیویانە زمانەکانی خۆیان دەوڵەمەند بکەن. کوردیش لەو بوارەدا تاقیکردنەوەی خۆی هەبووە و کۆمەڵێ زاراوەی ئەو بوارەی بەباشی داڕشتووە و داناوە. پێشم وایە بەس ئەو کارە بەبەردەوامی کاری لەسەر بکرێت زمانەکەمان هیچ لە زمانە پێشکەوتووەکانی تر کەمتر نییە و زۆر بەباشی دەتوانێ لەو بوارەدا وەڵامدەرەوەی ئەو زانستە بێت.

کەوا بێت نە زمانەکەمان هەژارە و نە کەسانی دڵسۆزمان کەمە، بەڵکوو ئەوەی کە کەمە ئەوەیە ئەو لایەنانەی کە دەتوانن ئەرکی ڕێکخستن و دۆزینەوە و یەکخستنی ئەو هێز و توانایییانە بگرنە ئەستۆ، هەوڵ بۆ ئەو کارە نادەن. بە دەیان پرۆژەی جۆربەجۆر لە کوردستان پارەی بۆ سەرف دەکرێت، کەچی بەداخەوە وەڵامی پرۆژەیەکی وا نادرێتەوە و گوێ لەو کەسانە ناگیرێت کە ساڵانێکی دوورودرێژە خۆبەخشانە و دڵسۆزانە لەو بوارەدا کاریان کردووە و شوێندەستیان دیارە و زۆر باشتر و زانستییانەتریش دەتوانن بەرهەمی نوێی پێویست بۆ ئەو مەبەستە بئافرێنن.

***K21: لەزمانی ستانداردی کوردی دەشێ جێگەی هەموو شێوەزارەکان بکرێتەوە؟ یاخود دەبێ شێوەزارێک زاڵ بکرێت بەسەر هەموو بنزمان و لەهجەکانی دیکەدا؟***

**دیاکۆ هاشمی:** بێگومان هەرچی بەرینیی خاکی ئاخێوەرانی زمانێک بەربڵاوتر بکرێت، جیاوازیی شێوەزارەکان زیاتر دەبن. ئەمە نە تایبەتە بە زمانی کوردی و نەش تەنیا زمانی کوردییە کە تووشی دیاردەیەکی وا بووە، ئەمە دیاردەیەکی ئاساییە لەناو ئەو گەلانەی کە جوگرافیایەکی بەربڵاوی لێک دابڕاویان هەیە کە شێوەزاری جۆربەجۆریان هەبێت.

باشترە بۆ ئەوەی هەموو شێوەزارەکان خۆیان بە بەشێك لە زمانی کوردی بزانن ئاوڕێك لە ئەلفبێی کوردی بدرێتەوە و یەك دوو (نووسە character)ی تر بە زمانی کوردی زیاد بکرێت. پاشان بە ڕێزگرتن لە بەکارهێنانی هەر شێوەزارێك لە ناوچەی سنووریی خۆیاندا، هەوڵ بدەین هاوکاتیش شێوەزارێك کە هەموو باشتر و ئاسانتر لێی تێ دەگەین وەکوو زمانێکی هاوبەشی ستاندارد لەناو خۆماندا بەکار ببەین. کاتێ عەرەبێکی ئەلجەزایری یان مەغریبی لەگەڵ عەرەبێکی عێراقی یان سووریایی قسە دەکەن ناچار دەبن کەڵك لە عەرەبیی ستاندارد وەربگرن کە لە هیچ شوێنێکی وڵاتە عەرەبییەکاندا وا قسە ناکەن. بەڵام ئێمە دەتوانین کەڵك لە شێوەزارێك وەربگرین کە لە ناوچەیەکی بەرینیشدا بەکار دەبرێت و فێربوون و لێتێگەیشتنی ئاسان و سانایە و زمانێکی مردووی سەدان ساڵەش نییە و بۆ زۆرینەی کەسیش نامۆ نییە. هەروەها دەوڵەمەندە و زۆرینەش لێی تێ دەگەن. من پێم وایە کوردیی ناوەڕاست دەتوانێ بەباشی ئەو دەورە بگێڕێت. کورد ئەگەر بیەوێت وەکوو نەتەوەیەك هەڵسوکەوت بکات بێگومان پێویستی بە زمانێکی ستانداردە. بە هەزاران و میلیۆنان کورد فێری زمانەکانی تری دنیا بوون و هەوڵ دەدەن بەبێ هەڵە قسە بکەن، ئەمە نیشانەیەکە کە کورد ئەگەر خۆی بە بەرپرس بزانێ بەئاسانی دەتوانێ فێری ئەو ستانداردەش ببێت.

***K21: بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی تورکی لە زمانی کوردی دا مشتومڕێکی زۆری خستەوە، هێندێك لە کوردیناسان پێیان وابوو بەمە لەعەرەب دوور دەکەوینەوە و لە ئەورووپا نزیك دەبینەوە، تۆ لەم بارەوە چی دەڵێیت؟***

**دیاکۆ هاشمی:** من ئەگەر لایەنگری بەکارهێنانی ئەو ئەلفبێیەش نەبم، ئەو ئەلفبێیە بە (لاتینی تورکی) ناناسم، چونکوو ئەگەر تۆزێ لێکۆڵینەوەی زانستییانەی لەسەر بکەین دەزانین کە لە هەر کام لە ئەلفبێکاندا ژمارەیەك پیت هەن کە لەوی تردا نین، کە وا بێت بنەمای سەرەکیی ئەو ئەلفبێیە زمانی تورکی نییە بەڵکوو زمانە ئەورووپییەکانە. هەق هەقە و دەبێ هەمیشە باسی بکرێت. ئەلفبێ کۆمەڵێ نووسە و هێما و پیتن کە بەکار دەبرێن بۆ نووسینی دەنگەکانی زمانێك، باشترە بەهیچ شێوەیەك گرێی نەدەینەوە بە ئایین یان ڕەگەزێکی تایبەتەوە.

بەڵام مرۆڤ بۆیە ئەلفبێ دەگۆڕێ کە ئەلفبێکەی خۆی کێشەی قەرەبوونەکراوەی هەبێت و ئەوی تر بێ کێشە و بێ تەنگوچەڵەمە بێت.

## چارەسەریی کێشەکانی ئەلفبێی عەرەبی کوردی

لەڕاستیدا ئەگەر بێت و چاو لە ئەلفبێی کوردی عەرەبی بکەین دەبینین کە لە چاوەی ئەلفبێی عەرەبی و فارسی زۆر لە کێشەکانی چارەسەر کراون. بۆ نموونە کێشەی (اعراب)ەکانی عەرەبی و فارسی، لە کوردیدا بە دانانی پیت چارەسەر کراون، ڕێك وەکوو ئەلفبێی لاتینی کە ئەویش وایە. واتە ئێمە لە زۆربەی ئەو کێشانەی کە عەرەب و فارس بە دەستیەوە گیریان کردووە، ڕزگارمان بووە.

کەوا بێت ئەلفبێی کوردی عەرەبی لە چاوەی ئەلفبێی عەرەبی و فارسی، ئەلفبێیەکی کەمکێشەیە.

لاتینیش بێکێشە نییە

هەندێ کەس پێیان وایە ئەلفبێی لاتینی هیچ کێشەیەکی بۆ زمانی کوردی نییە، بەداخەوە ئەویش وا نییە و کۆمەڵێ کێشە بێ چارەسەر ماوەتەوە. هێشتاکە پیتی بۆ هەندێ لە فۆنێمەکانی زمانی کوردی نییە.

تەنانەت ئەگەر دەستیشت کراوە بێت بۆ هەڵبژاردنی پیتی نوێتر، مەرج نییە ئەو پیتانە لە هەموو پرۆگرامێکدا کار بکەن. تەنیا پیتەکانی ناو ئەلفبێی زمانی ئینگلیزین کە لە هەموو پرۆگرامێکدا بەباشی کار دەکەن. ئەو پیتانەش بەشی دەنگەکانی زۆر زمان بۆ نموونە زمانی کوردی ناکەن، بۆیە پێویستە بێجگە لەو پیتانە هەندێ پیتی تری لاتینی بهێنرێن کە ئەو کاتە لە هەموو پرۆگرامێك یان لە هەموو بوارێکی ئایتیدا بێ کێشە نابن. بۆ نموونە تۆ قەت ناتوانی بنووسی: www.fêrgeyzimanîkurdî.com دەبێ چوکڵەکانی لاببەی. واتە مەرج نییە لە هەموو شوێنێکدا بتوانی هەموو پیتە کوردی لاتینییەکان بەکار ببەی. جا ئەگەر ئەلفبێیە نوێیەکەش بێکێشە نەبێت بۆ بێین ئەلفبێکەمان بگۆڕین؟

ئەگەر تەنیا بە بەکارهێنانی ئەلفبێی لاتینی و بەئاسانی بمانتوانیایە بە کوردی بنووسین ئەوا دەبوایە ئێستاکە بەبێ کێشە لە مۆبایلەکانمان بە کوردیی لاتینی بنووسین. کەچی بۆ ئەو مەبەستە پێویستە هەم تەختەکلیلی لاتینیی کوردیمان هەبێت هەمیش مەرج نییە ئەو کاتە هەموو مۆبایلێك فۆنتی کوردیی لاتینیی پیشان بدات. کەوا بێت ئەو ئەلفبێیە زۆر بێکێشەش نییە، هەر چەند ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە ئەلفبێی لاتینی لە چاوەی عەرەبی، بەکارهێنانی بێکێشەترە، بەڵام بەتەواوەتی بێکێشەش نییە.

ئەورۆکە پیتەکانی ئەلفبێی کوردی عەرەبی بوونەتە یونیکۆد و زۆر چارەسەر کراون و کۆدیان بۆ دانراوە و بەو کارەش زۆر لە کێشەکانی پێشوو چارەسەر کراون،

ئەگەر وا بیر بکەینەوە کە تەنیا ئەلفبێی لاتینی باشترینە، دەبوایە هەموو زمانەکانی تری دنیا وەکوو ژاپۆنی و چینی و سریلکی وازیان لەوەی خۆیان بهێنایە.

کێشەیەکی تر کە هەیە ئەوەیە کە زمانەکانی فارسی و عەرەبی ئێستاکە بە ئەلفبێی عەرەبی دەنووسرێنەوە، زۆر زۆر وێژە و ئەدەبیات چ لە کۆن و چ ئێستاکە لەو زمانانە دەکرێنە کوردی. ئەگەر ئەلفبێکەمان بکرێتە لاتینی، لێشاوی وەرگێڕان لەو زمانانە کەمتر دەبێتەوە، چونکوو خەڵکەکەمان بەو ئەلفبێیانە نامۆ دەبن، کە ئەویش زەبرێکی قەرەبوونەکراوەیە بۆ کورد.

بە گۆڕینی ئەلفبێکەمان، شیعرێکی وەکوو:

(لەبت میم و قەدت ئەلف و، زوڵف چیم ـ دەزانی بەم سییانە تالیبی چیم؟) واتا و جوانیی خۆی لەدەست دەدات.

هەروەها بە ئەدەبیاتی کۆنی کوردی و فارسی و عەرەبیش نامۆ دەبین. چونکوو ئەو زمانانە زۆر شتی هاوبەشیان لەگەڵ کوردیدا هەیە کە کوردی لەگەڵ زمانە ئەورووپییەکاندا نییەتی.

## نزیکبوونەوە لە ئەورووپییەکان؟

بە گۆڕینی ئەلفبێ بۆ لاتینی بە هیچ شێوەیەک لە ئەورووپییەکان نزیک نابینەوە و ئەگەر بەوە بوایە یەکێتیی ئەورووپا ئێستا تورکیای هێنابووە ناو خۆیەوە.

هیچ بەڵگەیەکی زانستیش پاڵپشتی لەوە ناکات کە ئەگەر کەسێک ئەلفبێی لاتینی بەکار ببات ئەوە بۆ نموونە فێری ئینگلیزی یان ئەڵمانی دەبێ. ئەگەر وا بوایە ئێستە دەبوا ئێمەی دانیشتووی سوید هەموومان فێری زمانی فینلەندی ببوایەین.

زمانە ئەورووپییەکانی وەکوو ئینگلیزی و سویدی هەتا ناخیان لە کێشەی ئەلفبێ و ڕێنووس چەقیون کە دەکرێ بە دەیان نموونە بۆ ئەو مەبەستە بهێنرێتەوە بەڵام دەستکاریی ئەلفبێ و ڕێنووسەکەیان ناکەن، چونکوو لەمێژە زمانەکەیان وا دەقی گرتووە، کەچی ئێمە بێ ئەوەی بڕیارێکی ئەکادیمی یان حوکوومەتی هەبێت، هەر کەسێك دێت و بە حەزی خۆی ئەلفبێی زمانەکە دەگۆڕێ بێ ئەوەی ئەلفبێ نوێیەکەش چوارچێوەی دیاری کرابێ و بێ ئەوەی بزانێ چۆن دەنووسرێ.

زۆر جێی داخە کە زمانی کوردی ئەوڕۆکە بە چەند ئەلفبێ دەنووسرێتەوە. ئەمە زەبرێکی گەورەی لە یەکگرتنی زمانی کوردی و لێکنزیکبوونەوەی شێوەزارەکان وەشاندووە. ئێمە ناچارین خۆمان فێری ڕێنووسی هەر دوو ئەلفبێکە بکەین تا لەوە زیاتر لە یەك نامۆ نەبین.

من پێم وایە زمانی کوردی ئێستاکە لە بارودۆخێکی قەیراناویدا گیری نەکردووە کە پێویست بکات ئەلفبێکەی بگۆڕێت. بەوەی کە هەیە کاروبارەکانی بەڕێوە دەچێت و گۆڕانکاریی زۆر بنەمای زمانەکە دەشێوێنێت. باشترە نەوەکانمان بە زمانەکانی عەرەبی و فارسیش نامۆ نەکەین چونکوو بەشێکی زۆری وێژە و ئەدەبیاتی کوردی ئاخنراوە لە وشە و دەستەواژە و چەمکی ئەو زمانانە و لەسەر بنەمای ئەوانەش کۆمەڵێ وشەی کوردی چێ بووە.

***K21: لەرووی مەنهج و ڕێکخستن و وەرگێرانی کتێبی قوتابخانەکان گلەیی زۆر لە وەزارەتی پەروەردە دەکرێ کە تاکو ئێستا بەشێوەیەکی سەرکەوتوو نەیتوانیوە گەشە بەزمانی کوردی بکات، تۆ ئەمە بۆچی دەگێڕییە و چارەسەری چۆن بۆ دادەنێیت؟***

**دیاکۆ هاشمی:** بە ڕای من دەبێت لە کتێبەکان بەتایبەت لە قۆناغی بنەڕەتیدا زیاتر و وردتر بایەخ بە

فێرکردنی چۆنێتیی نووسینی ئەلفبێ و ڕێنووس بدرێت. بەداخەوە ئەو کارە بە شێوەیەکی پەروەردەییانە و زانستییانە نەکراوە. هەر لەبەر ئەوەیە کە دەرچووانی خوێندنگە کوردییەکان ناتوانن خۆشخەت بنووسن.

کتێبەکان زۆر جار بە دەست نووسراونەتەوە کە ئەوە ستاندارەدە پێوانەییە جیهانییەکانی ڕێنووس و خاڵبەندی دەشێوێنێ و منداڵ هەرگیز فێری نووسینی دروست نابێت.

تەنانەت کاتێکیش بە چاپی نووسراون پڕن لە هەڵەی ڕێنووسی و ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە وشەکان بە هەڵە لە مێشکی منداڵدا جێ بکەون و وێناکردنی وشە بە ڕێنووسێکی تر لە دواڕۆژدا ئەستەم دەبێت.

بابەتەکان زۆر کۆنن و منداڵێ کە ئەوڕۆکە لە جیهانێکدا دەژی کە کۆمپیوتەر و (پلەی ستەیشن) و ئینتەرنێت بەشێکی سادەیە لە ژیانی، مێوژ و دۆی ڕژاو فریای گەشەپێدانی هزری ناکەوێت.

هەندێ جار بابەتەکان وا نووسراونەتەوە کە هێشتاکەش زایەندی نێر بەهێزتر و بەتواناتر نوێنراون. ئەوە هەستێکی خۆبەکەمزانین لای ڕەگەزی مێ چێ دەکات.

بەڕای من زۆر لە بابەتەکان لەڕووی دەروونییەوە پێداچوونەوەیان پێویستە و لەو پرۆسەیەدا نەك بەس کوردیزانەکان بەڵکوو دەبێ پرسی تایبەتی بە دەروونزانەکان و شارەزایانی بوارە پەروەردەییەکان و ماف ژنان بکرێت.

دەبێ زمانێکی یەکدەست، ڕێنووسێکی یەکدەست، وشەی یەکسان بۆ یەك مەبەست بەکار ببرێت.

***K21: زمانی کوردی هەر لە هەوەڵەوە بە شێوەیەکی ڕاست فرچکی نەگرتووە، بۆیە ئێستا ناتوانرێت بە تەواوی کێشەکانی چارەسەر بکرێن، دەست لەسەر هەر دەردێکی دادەنێیت دەیان دەردی دیکە قوت دەبنەوە، ئەمە تا چەند ڕاستە؟***

**دیاکۆ هاشمی:** ڕەنگە هەڵە لە کارەکانی پێشوودا هەبووبێت، بەڵام ئەوانە بە هیچ شێوەیەك زمانی کوردییان قەتیس نەکردووە و ئەو زمانە بۆ گەشەسەندن لە گۆ نەکەوتووە. بەپێچەوانەوە، من پێم وایە لەبەر ئەوەی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە چاوەی هەندێ لە زمانەکانی تر نوێیە، توانیویەتی لە هەڵەکانی ئەوان ئەزموون وەرگرێ و خۆی لە گەلێ بواردا پێش بخات و نەهێڵێ هەڵەکانی ئەوان دووپات ببنەوە. ئەگەر دەسەڵات و خوێندنگە و زانکۆکان هاوکاری بکەن و ئەرکی زمانێکی گەشەسەندوو بخەنە ئەستۆی خۆیان، زۆر لە کێشەکان چارەسەر دەبن. زمانی کوردی توانای گەشەسەندنی باشی هەیە، تەنیا بەمەرجێ ڕێگەی ڕاژەکردنی دیاری بکرێت و بدرێتە دەستی کەسانی دڵسۆز و پسپۆڕ و شارەزا.

***K21: ڕێنووسی کوردی لە دەستی ڕۆژنامەنووس و نووسەران هاوار هاواریەتی، لەهەزار نووسەر دە دانەیان ناتوانن بە ڕێنووسێکی باشی کوردی بنووس، گەر لە حەفتاکان ڕێنووس گرنگی پێدراوە، ئێستا هەر بەتەواوی فەرامۆش کراوە، تۆ وەك شارەزایێکی بواری زمانی کوردی مەترسی ئەمە لە چیدا دەبینیەوە؟***

**دیاکۆ هاشمی:** لە وەڵامەکانی پێشوودا هەندێك لە هۆکارەکانی ئەمە باس کراون، چونکوو ئەم توێژە، ئەوانەن وا لەسەر بنەمای ئەو هەڵانەی کە ئاماژەمان پێ کردن پێ گەیشتوون. لە خوێندنگەکاندا بەوردی باسی ڕێنووس و خاڵبەندییان بەپێی زانستی کۆمپیوتەر و پێوانە جیهانییەکان نەخوێندووە و لەگەڵ مامۆستایەك دەستیان بە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و پێژمێر نەکردووە. ئێستەش بەبێ گوێدان و بایەخدان بە یاسا و ڕێساکانی ڕێنووسی کوردی، بەتامەزرۆییەوە بەس دەیانەوێ بابەتەکانیان بڵاو بکەنەوە. هەڵبەت ئەو قسەیەم بێگومان هەموو کەسێك ناگرێتەوە و کەسانێکی

شارەزاش هەن کە بە دواداچوون و لێکۆڵینەوەیان کردووە و زۆر باش لە مەبەستەکان تێ گەیشتوون.

چارەسەری کێشەی ئەو کەسانەی کە هەڵە دەکەن کارێکی ئەستەم نییە، دانانی یاسا و ڕێسای نووسین و ڕێنووس و تایپۆلۆجی لە هەر کام لەو بوارانەدا دەتوانێ کاریگەریی هەبێت. دەبێ هەر هۆکارێکی بڵاوکردنەوەی وێژە و نووسین پاڵاوتگەیەك بۆ نووسینەکان دابنێت و ڕێبازنامەی ڕێنووس و یاساکانی نووسین کە یەکسان و هاوبەش بن بخرێتە بەردەستی هەمووان. شوێنی تایبەتی هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێ وەڵامی کێشە و دوودڵیی نووسەران بداتەوە. دەستەی چاودێر و هەڵگر لە هەموو ئەو شوێنانەی کە نووسین بڵاو دەکەنەوە دیاری بکرێ تا وردە وردە پێش لە هەڵە ڕێنووسییەکان بگیرێ و پاش ماوەیەك وێنەی بێهەڵەی وشەکان لەناو چاو و هزری مرۆڤ دەچەسپێ و جێ دەگرێ.

زۆر باش دەبێت لەو شوێنانەی کە زۆر کاری نووسین دەکرێت، خولی ڕێنووس لەلایەن پسپۆڕان و شارەزایان دابنرێت تا بە لۆجیك و ژیربێژی هۆی نووسینی ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی بۆ بەشداربووان ڕوون کرێتەوە.

نابێ ڕێ بدرێت هیچ تابلۆیەك بە هەڵەی ڕێنووس بڵاو ببێتەوە، چونکوو ئەوانە کاریگەرییان لەسەر جێکەوتنی وشەکان لە هزری مرۆڤدا هەیە.

***K21: بۆ ڕێنووسێکی یەکگرتووی کوردی چی بکرێت باشە؟***

**دیاکۆ هاشمی: لە پلەی یەکەمدا :**

پسپۆڕان ئاوڕێك لە شێوەزارەکان بدەنەوە، تا هەموو فۆنێمە گرنگ و سەرەکییەکانی زمانی کوردی دیاری بکرێن یان لەسەر گرینگترینەکانیان ڕێك بکەون. پاشان نووسە و پیتیان بۆ دەستنیشان بکەن تا هەموو شێوەزارێك فۆنێم و پیتی خۆی لەو ئەلفبێ یەکگرتووەدا ببینێتەوە و ئیتر کەس لە خۆیەوە هەوڵی پێزیادکردنی پیت و دەسکاریی ئەلفبێ نەدات. پاش ئەوە بەپێی بەراورد و تەجروبە و ئەزموونی زمانە پێشکەوتووەکان، ڕێنووسێکی یەکگرتوو دابنێن و پاشان بە شێوەی نامیلکەی ڕێنووس و ڕێزمانی متمانەپێکراو بخرێنە بەر دەستی هەمووان.

لە قوتابخانەی بنەڕەتییەوە بایەخ بە ڕێنووس بدرێت و دەستەی چاوەدێری کارامەی ڕێنووس لە کتێبەکانی خوێندندا دابنرێن.

خولی فێرکردنی نووسین و ڕێنووس بۆ دامودەزگا ڕاگەیاندنەکان دابنرێت. دەستەی ڕێنووس و چاوەدێر لە شوێنە پێوەندیدارەکان دیاری بکرێن. بە بەرپرسییەوە چاو لەو وشانە بکرێت کە لە تەلەفزیۆن و گۆڤارەکاندا بڵاو دەبنەوە.

**لە پەلەی دووەمدا**

دەبێ دەسەڵات پاڵپشتی بکات بۆ چێکردنی نەرمەواڵەیەکی کۆمپیوتەری کە بتوانێ هەڵە ڕێنووسی و ڕێزمانییەکان دەستنیشان بکات و پێشنیاریان بۆ بدات. ئەو کاتە زۆر لە کێشەکانی نووسین بەپێی پرۆگرامێکی ستانداردی کۆمپیوتەری تەخت دەکرێن و ڕێنووسێکی بێهەڵەی ستاندارد لەڕێی کۆمپیوتەرەوە جێگیر دەبێت.

***K21: وەك ئاشکرایە جەنابتان کۆمەڵە هەوڵێکی باشتان بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی داوە، حەزدەکەین بەشێك لەم هەوڵانەمان بۆ باس بکەن؟***

**دیاکۆ هاشمی:** ئەندامی کوردئایتیگرووپ و زانستپەروەرانی کوردم کە دوو سایتن کە بەڕاستی چالاکی بێوێنەیان لە بواری ئایتیدا هەبووە و شوێندەستیان بەباشی دیارە. لە پرۆژە جۆربەجۆرە هەروەزییەکانیان کە بە بەشداریی هاوڕێیانی تر بوو

## فێرگەی زمانی کوردی

| هەڵە | ڕاست |
| --- | --- |
| ئاماژەی بەوەشدا | ئاماژەی بەوەش دا |
| بڕیاریدا | بڕیاری دا |
| ڕاپرسی | ڕاپرسی |
| ڕاپرسی هەرێم | ڕاپرسیی هەرێم |
| ڕەخنەی لێگرت | ڕەخنەی لێ گرت |

## فێرگەی زمانی کوردی

| | |
| --- | --- |
| (کورتەتەقەڵ، بەستهێڵ hyphen): | «-» |
| (تەقەڵ، کشتەک dash): | «–» |
| (ژێرهێڵ، بنهێڵ underline): | «_» |
| هەر کام لەمانە لە بوارێکی تایبەتیدا بەکار دەچن. | |

هاوبەش بووم، بۆ وێنە لە پرۆژەی فەرهەنگی ئایتی، لە پرۆژەی بگۆڕی سۆرانی لاتینی و بەپێچەوانەوە، لە پرۆژەی (PHP) بە کوردی، لە پرۆژەی بەکوردیکردنی گووگڵ و هەروەها لە دوو پرۆژەی فەرهەنگی ئینگلیزی کوردی بەشدار بووم. لە پرۆژەی دانانی نەرمەواڵەیەکی هەڵەگری کۆمپیوتەری بەشداریم کرد کە بەداخەوە لەبەر سەرقاڵیی ئەندامان و نەبوونی پاڵپشتیی ئابووری ڕاگیرا. سایتێکم بەناوی "چێکردنی ماڵپەڕ" بە زمانی کوردی بڵاو کردەوە. لە دەستپێکی بڵاوبوونەوەی ئینتەرنێتدا چەند سایتێکم هەبوو و لەوێدا باسی مێژوو، زمان و ناوی کوردیم کردبوو. سایتێکمان داناوە بەناوی (یاگەی زمانی کوردی)، لەوێدا هەموو ئەو بابەتانەی پێوەندیدارن بە زمانی کوردی، دادەنرێن.

نزیکەی سێ ساڵە هەموو هەفتەیەك ئامادەکار و بەڕێوبەری بەرنامەی فێرگەی زمانی کوردیم کە ڕاستەوخۆ لە کەناڵی ئاسمانیی ئاسۆساتەوە بلاو دەبێتەوە. لەو بەرنامەیەدا باسی گەلێ بابەتی پێوەندیدار بە زمانی کوردیم کردووە کە زانینیان نەك تەنیا بۆ ئەوانەی کوردی نازانن بەڵکوو بۆ شارەزایانی زمانی کوردیش گرنگە، ئەمانە چەند نموونەیەکی کەمی ئەو بابەتانەن کە باس کراون:

ئەلفبێ، ڕێنووس، ڕێزمان، خاڵبەندی، وەرگێڕان، زاراوەسازی، زمانەوانی، مێژووی ئەدەبی کوردی، شیعر، هۆنراوەزانی، تایپۆلۆجی، زاراوەکانی زمانی کوردی، زمانی ستاندارد و دەیان بابەتی گرنگی تر.

ئامانجی سەرەکیی من لەوێدا، بڵاوکردنەوەی زانیاری، دەستنیشانکردنی هەڵەکان و پێشنیار و چارەسەری، بەرزکردنەوەی ئاستی زمانی کوردی تا ئاستی زمانە ئەورووپییەکان. هەستی بڕوابەخۆبوون بە زمانی کوردی بە هێنانەوەی بەڵگەی زمانەوانیی کوردی بووە.